اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى

له عبدالله کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى» واتە: «خودایە، من داوای هیدایەت، وتەقوادارى، وداوێن پاکى، ودەوڵەمەندیت لێدەکەم».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتى کردووە]

لە نزاکانى پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بریتى بوو لە: (اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى:خودایە، من داوای هیدایەتت لێدەکەم)؛ هیدایەت ئەو ڕێبازە ڕاستەیە کە ناسینى هەق وکردەوە پێکردنى ئەو هەقەى تێدایە، (وَالتُّقَى:وتەقوادارى)؛ ئەمیش جێبەجێکردنى فەرمانەکان وخۆ بەدوورگرتن لە نەهى لێکراوەکان دەگرێتەوە، (وَالْعَفَافَ: وداوێن پاکى)؛ ودووربوون لەوەى حەڵاڵ نییە ومرۆڤ ناشیرین دەکات لە قسە وکردەوەکان، (وَالْغِنَى:دەوڵەمەندى)؛ وبێ پێویست بوون لە خەڵکى، بە شێوەیەك هەژار وپێویست نەبێت بۆ لاى هیچ یەکێك جگە لە الله -عز وجل-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3596